# ئیستاتیكای لادانی زمانی لەئاستی وشەسازی بەنموونەی شیعرەكانی(نەوزاد ڕەفعەت)

شاخەوان فەرهاد محەمەد[1] - ئیبراهیم ئەحمەد شوان[2]

[1+2] بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان،زانكۆی سەلاحەدین، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ئیستاتیكای لادانی زمانی لەئاستی وشەسازی بەنموونەی شیعرەكانی (نەوزاد ڕەفعەت)ە، هەنگاوێكە بۆ خستنەڕو و دیاریكردنی ئەو كەرەستە زمانیانەی، كە بونیادی ئیستاتیكا وەك ڕەگەزێكی بنچینەیی شیعری هەڵدەسەنگێنن و لایەنە جوانەكانی بەدەردەخەن. بەتایبەتیش هەوڵدانێكە بۆ تیشك خستنەسەر ئەو لادانە زمانییانەی لەئاستی وشەسازی، كە لەپێكهاتەی دەقە شیعرییەكاندا بەكارهاتون، ئەمەشیان بەجەختكردنەوەی بەكارهێنانی ئەو ڕێگەیانەی چالاكی و توانا و وزە و هێزی شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی شاعیرەكە بەهۆی ئەو لادانە زمانییەوە پیشاندەدات، بۆئەوەی ئیستاتیكای شیعرەكانی بەرجەستەبكات.

**كلیلە وشە:** لادانی زمانی، لادانی وشەیی، ئیستاتیكا، داهێنانی وشەی نوێ.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper21
**Received:** 08-Aug-2022
**Accepted:** 25-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
shaxawn.mohammad@su.edu.krd
ibrahimshwan61@yahoo.com
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

Copyright©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی

ئیستاتیكا بنچینەیەكی سەرەكی و كۆڵەگەیەكی هەرە گرنگ و بایەخداری دەقی ئەدەبییە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مەبەست و ئامانجییەتی لەژانری شیعردا جوانییەكی بەهادار و چێژێكی هونەری و پێگەیەكی بەرز پێشكەش بكات. ئەمەشیان لەمیانی یەكێك لەڕەگەزە سەرەكییەكانی پێكهاتەی ئەم ئیستاتیكایە بەدی دێت كە زمانە، شاعیر بەهۆی ئەنجامدانی ئەو لادان و گەمە زمانییەوانانەوە ئەو خۆشی و جوانی و چێژە وزەبەخش و جوانبینانە بەرجەستەدەكات، كە ئەدگار و پێگە و سەنگی بەهاداری دەق بەتین و تۆكمە و ڕازاوە و ڕەنگینتر دەكەن. بەشێك لەبەئەنجامگەیاندنی ئەم كارە هونەرییەش، بەهۆی ئەو لادانە زمانییەوە ڕوودەدات كە لەئاستی وشەسازیدا جێبەجێدەكرێت، لەڕێگەی بەكارهێنانی ئەو ڕێچكەیەی كە شێوازی زمانی دەربڕینی ئاخاوتنەكەی پەیڤ و گوزارشت و وشەكانی شاعیر جوانتر و بەپێزتر پیشاندەدات.

**بابەتی توێژینەوەكە:** (ئیستاتیكای لادانی زمانی لەئاستی وشەسازی بەنمونەی شیعرەكانی نەوزاد ڕەفعەت)ە، بۆ هەڵبژاردنی باسی توێژینەوەكە دەرخستن و پیشاندانی گرنگی ئیستاتیكای ئەو لادانە زمانییانەیە لەئاستی وشەسازیدا كە نەوزاد ڕەفعەت بەكاریهێناون، بۆ ڕونكردنەوەی ماناو مەبەستە شیعرییەكانی و بایەخی ئەو لادانانە لەشیعری هاوچەرخی كوردیدا.

**هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەكە:** هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی بابەتی ئیستاتیكای لادانی زمانی شیعریی بەگشتی لەلایەك و پاشان ئەو لادانانەی شاعیر لە ئاستی وشەسازییدا بەهۆی زمانەوە بەدیدێت و تائێستا كار لەسەر ئەم بوارەی شاعیر نەكراوە.

**سنوری توێژینەوەكە:** توێژینەوەكە تایبەتە بەبواری ئیستاتیكای لادانی زمانی لەئاستی وشەسازییدا، بەتایبەتی لەدەقە شیعرییە بەكارهاتوەكانی (نەوزاد ڕەفعەت)، لەگەڵ ئەو ڕێگەیانەی كە لەئاستی وشەسازییدا، كە لەمیانەی بەكارهێنانی شێوازی تایبەتی زمانەوە لادانی زمانی پێكدێنن.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەكە:** بابەتی توێژینەوەكە لەم چەند خاڵەدا دەردەكەوێت:

1- لەبەر گرنگی و بەها و پێگەی هونەرییانەی وشە لەئاستی وشەسازییدا لەپێكهاتەی دەقە شیعرییەكانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا و بەتایبەتی لەڕوی دروستكردنی لادانی وشەیی بۆ پیشاندانی ئەو لادانانە كە جوانی و ئیستاتیكا بەدەقە شیعرییەكان داوە.

2- ئامانج و گرنگی بەكارهێنانی وشە وەك بنەمایەكی سەرەكی پێكهاتەی كەرەستە سەرەكییەكانی شیعریی ئاماژەی پێبكرێت، كە چ نرخێكی بەهاداری هەیە بۆ گەیاندنی واتا و بەدەسهێنانی لایەنی هونەریی و ئیستاتیكی لەشیعردا، بەهۆی ئەو كاریگەریی و كارلێكە هونەرییەی كە لەدەقە شیعرییەكانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا بەكارهاتون.

**میتۆدی توێژینەوەکە** لەکارکردنمان لەبارەی ئەم توێژینەوەیەوە، ڕێبازی بنەڕەتی (وەسفی- شیکاری)ی پەیڕەوکراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**: بەگشتی توێژینەوەکە لەپێشەکی و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بەزمانانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) پێکدێت، بەشەکانیش بەم شێوەیەن:

بەشی یەکەم: لە دو تەوەرە پێکدێت: تەوەرەی یەکەم تیۆرییە و باسی لایەنی ئیستاتیکای لادانی زمانی شیعریی بەشێوەیەکی گشتی کراوە و دواتر لەتەوەرەی دوەمدا ئاماژە بەئیستاتیکای لادانی زمانی لەئاستی وشەسازییدا کراوە.

بەشی دوەم: لەلایەنی پراکتیکییەوە باسی لادانی وشەیی بەهۆی زمانەوە لەئاستی وشەسازییدا خراوەتەڕو، لەگەڵ ئەو ڕێگەیانەی کە لەپێکهاتەی ناوەوەی وشە و یاساکانی وشە دارشتن پێکدێن، لەوانەش: داهێنانی وشەی نوێ و تێکدانی ڕۆنانی باو و بەکارهێنانی وشەی شێوەزار و بەکارهێنانی وشەی کۆنینە و بەکارهێنانی وشەی بێگانە و ئەو دەقە شیعرییانەی لەهەر جۆرێکیاندا بەکارهاتون.

## بەشی یەکەم

### تەوەرەی یەکەم: ئیستاتیکای لادانی شیعریی

ئیستاتیکا وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی و بنچینەیی بایەخێکی گرنگی لەدەقە ئەدەبییاندا هەیە، بەمەشیان مەبەست و ئامانجیەتی لەژانەری دەقی شیعرییدا جوانییەکی بەهادار و چێژێکی وزەبەخشی هونەریی و پێگەیەکی باڵا پێشکەشبکات، چونکە ((شیعر لەبنەڕەتدا داهێنانێکی ئیستاتیکییە)) (عارف،2007 :15). ئاشکرایە شیعریش وەک ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبی بریتییە لەدەرچون و لادان لەئاستی دەربڕینی زمانی ڕۆژانە و ئاسایی، بەهۆی ئەو دەستور و یاسا و ڕێسایانەی کە بۆی دیاریکراون، ئەمەشیان لەڕێگەی خەیاڵفراوانیی شاعیرەوە بەدیدێت، ئەو شارەزایی و پسپۆری و ئەزمونە ئەدەبییەی کۆیکردۆتەوە بەگوزارشت و دەستەواژەی سەردەمیانەی نوێوە لەڕوانگەی جیهانبینی جیاوازەوە پێشکەشیبکات، چونکە شیعر سەکۆ و مینبەرێکە دەبێت شتی نوێباو و تازە بابەتییانەمان پێببەخشێت. لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی سەردەمی خۆیدا ڕێبکات، بۆئەوەی کار لەناخمان بکات و کاریگەرییەکەی لەهزر و زەین و خەیاڵماندا بمێنێتەوە. پێویستە ئیحایەکی مانادار و جوان و سەرنجڕاکێش و وێنەی شیعری ناوازەمان پێشکەشبکات، کە پێشتر بینایی چاوانمان نەیان بینیبێت، هەروەها ڕیتم و ئاوازێکی بەهێز و بەتین و کارتێکەرانەی هەستبزوێن و ناخ هەژێنی وامان بۆبێنێتە ئاراوە، کە گوێچکەکانمان لەوەو پێش بەرکاریگەرییکەی نەکەوتبن. لەگەڵ ئەوەشدا چێژێکی وزەبەخش و چێژدارمان پێبدات، بەهۆی ئەو جوانییەی کە شێوازێکی تایبەتی جیاکەرەوەی بەخۆی هەبێت و بونی پێگە و سەنگی خۆی تا لەتکەی بەهاداری ناوازەیی باڵا هەنگاو بنێت، بۆئەوەی مانەوەیەکی نەمری پێببەخشێت. شاعیر دەبێت بەهۆی کەڵەکەبونی ئەزمونی ئەدەبی شیعرییەوە، خاوەنی جیهانبینی و جیهانێکی ئازاد و سەربەخۆبێت، کە

لەوێوە دەربڕینی ناوازی نامۆ و گوزارشتی قەشەنگدار و پرشنگدارمان پێ بناسێنێت و هێزی دەربڕینی گۆکردنی پەیڤەکانی ئارامی و شادی و بەختەوەری بەناخمان ببەخشێت. ئەم هەنگاوە هونەرییەش بەهۆی لادانەوە بەدەست دێت، بەتایبەتیش لادانی زمانی، کە شاعیر توانا و شارەزایی و چالاکی خۆی دەخاتەگەڕ، بۆئەوەی بەشێوەیەکی نوێباو مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا بکات و تێکوپێکی بشکێنێت و بەو شێوازەی کە خۆی مەبەستییەتی سەرلەنوێ بونیادی بنێتەوە. بەهۆی ئەو گەمە هونەرییەی کردویەتی، چونکە ((شاعیر ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە وەک خۆی دەیەوێ بۆ مەبەستە هونەری و ئیستاتیکییەکەی زمان بەکاربێنێ و تەنانەت یاریشی پێوەبکات. تەنانەت لەهەندێ حاڵدا لەیاسا و ڕێسا ڕێزمانیەکانیش لادا. ئەمە لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بۆ سەرچاوە دامەزراو و دەوڵەمەندەکانی زمان و وشە دەگەڕێ، ئەو هونەر و تەکنیک و میکانیزمانە بەکاردێنێ کە نەخشەسازییەکەی ڕەنگینتر و سەنگینتر دەکەن)) (میراودەلی،2021 : 41). هەرچەندە لادان لەشیعردا لەئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیش و لەئاستی واتا و وێنەی هونەریش، بەهۆی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوە بەدیدێت، بەڵام ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە زیاتر جەختی لەسەربکەینەوە لادانی زمانییە لەئاستی وشەسازییدا، کە بەمەشیان واتایەکی بەهێز و فراوان دەداتە وشەکانی نێو شیعرەکەی و بەو هۆیەوە ئاستی شیعرەکەی بەرەو ئاستێکی بەهادار و چالاکتر دەبات، چونکە لەدەقی شیعریدا زمان شێوە و شێوازێکی بایەخداری دەربڕینی هونەرییە ((ئەم گرنگییەش لەتایبەتمەندی زمانەوە دێ وەک ئەوەی زمان ماددەیەکی بنەڕەتی دەق پێکدەهێنێ ئەوکاتەی زمان دەچێتە ناو سنعەتی دەقەوە ئەوسا دەگۆڕێ و دەبێ بەزمانێکی تر)) (ئەسوەد،2001 : 68)، ئەو زمانەش بەهۆی لادانی زمانییەوە بەرجەستەدەبێت، لەبەرئەوەی لادان لەشیعردا بەکارهێنانی داهێنانی زمانەکەیەتی، کە بەچەندین ڕەهەندی مانا و مەبەستدار و قوڵی ئیحابەخشەوە بەرگاویکراون، کە ئەو بوارە هونەرییە بۆ خوێنەران ئامادەدەکات، کە ببنە لایەنێک لەدەقەکە و لەدیدگای جیاکاری و جیاوازی خۆیانەوە دەقەکە وێنابکەن و لایەنە پەنهان و نادیار و شاراوەکانی بدۆزنەوە، لەبەرئەوەی لادانەکان لەدەقدا سەکۆیەکی کراوە لەبەردەم خوێنەردا والا دەکەن، تاکو بەرەو قوڵایی چەقی واتایی دەقەکە بچێت و لایەنە هێزدار و وزەبەخش و جوانەکانی دیارییبکات، لەبەرئەوەی ((زمانی شیعریی لەنێوان ڕەگەزەکانی تری بنیاتی شیعریدا، جۆرە سیمایەکی تایبەتی دەداتە دەق و شیعر پێکدێنێت. بەسەر زمانی ئاسایدا تێدەپەڕێت و لەئەنجامی گونجاندنی وشە و دەنگەکان ئاوازێکی تایبەتی ئەداتە دەقی شیعری)) (غەفور،2005 :9). هەروەها ڕێکەوتنی وشە ودەنگەکان لەگەڵ یەکتردا جەستەیەکی قوڵ و چڕی کاریگەر لەسەر نامۆکردنی زمانی ئاسایی بەجێدەهێڵێت، ئەمەش خاڵی بەرجەستە و گرنگی لادانی زمانی شیعرییە، کە نەخشی دیاری لەسەر بەها و ماناداری شیعرییەوە هەیە، ئەم کاریگەری و جوانی و نامۆکردنی زمانە لەشیعردا لەئەنجامی لادانە واتایی و ڕێزمانییەکانەوە خۆی بەرجەستەدەکات. بۆیە زمان لەشیعری نوێ و هاوچەرخدا بارگاوی دەبێت بەو وزەیەی، کە لەلادان و هونەرکارییەکەیەوە دێتەکایەوە و دەبێتە خاڵی جیاکەرەوەی لەزمانی ڕۆژانە و ئاخاوتنی ئاساییدا، هەندێکجاریش بەکارهێنانی وشەی ناو خەڵک بەشێوەیەکی گشتی لادان دروستدەکات، بەڵام زمانی شیعری بەشێوەیەکی گشتی ((لادانی دەربڕینی ئاخاوتنە لەشێوازە ئاساییە باوەکەی، ئەمەشیان ئەنجامدانی کردەیەکی زمانییە لەداڕشتن و پێکهاتەی ئاخاوتندا

بەدیدێت، کە دەکرێت لەمیانی سروشتی شێوازی ئەدەبیبونەکەیەوە بیناسینەوە، جگە لەمەشیان دەتوانین لادان بەخودی شێوازی ئەدەبی هەژماربکەین)) (السد،2010 : 179)

## تەوەرەی دوم: ئیستاتیکای لادانی زمانی لەئاستی وشەسازیدا

هەرچەندە ناونیشانی ئەم تەوەرەیە بەئیستاتیکا دەسپێدەکات، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە باسکردنی لادانی زمانییە لەئاستی وشەسازییدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ هێنانەدی پێکهێنانی ئەو جوانییەی کە نرخ و بەهای جوانیناسی دەقەکە بەرزتر دەکەنەوە بەهۆی ئەو لادانەی، کە وەک هۆکارێک بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت، چونکە لادانی زمانی بریتییە: لەدەرچون و لادان لەو یاسا و ڕێسا کۆتوبەندکراوانەی کە لەزمانی ئاساییدا بەکاردێن، ئەمەشیان یەکێکە لەو بنچینە هونەرییانەی دەقی شیعری، کە دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگی بنەمای داهێنان و ئیستاتیکی لەدەقی شیعریدا؛ بۆیە شاعیر زۆر بەئاگایی و وشیارییەوە ئەمجۆرە لادانە بەئەنجامدەگەیەنێت و لەم ڕێگەیەوە جگەلەوەی ڕەهەندێکی جوانیناسی بەدەقەکەی دەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی قوڵی کورت و چڕ و پوختی واتاییش بەدەقەکەی دەدات، هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین، کە خاسیەت و لایەنێکی جیاکاری و جوداکاری لەنێوان هەڵەی زمانی و لادانی زمانیدا هەیە، لەبەرئەوەی ((یەکێکیان بەدەست شاعیرەکە خۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتیدایە و بۆ مەبەستێک هێناونی-داهێنان- ئەوی تریان لەڕوی نەزانین و گوێ نەدانە و هەڵەشەییەوە پەیدادەبێ، داهێنان دیاردەیەکی ئیجابی پڕ مەبەستە، بەڵام هەڵە دیاردەیەکی سەلبییە، کە لەسەر شاعیر دەکەوێ و جیاکردنەوەیان پەیوەندی بەجۆری بەکارهێنان و کەڵک لێوەرگرتنەوە هەیە)) (کانەبی،2008 :28-29)، بۆیە یەکێک لەو لادانە زمانییانەی کە لێرەدا زیاتر جەختی لەسەردەکەینەوە، ئەوەیە کە شاعیر لەسەر ئاستی لایەنی وشەسازیدا بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێداوە، چونکە وشە بنەمایەکی سەرەکی پێکهاتەی کەرەستەی شیعرە، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ گەیاندنی واتا و هێناکایەی کارێک و کاریگەری و بەدەستهێنانی جوانیناسی لەشیعردا، ئەمەش خاڵی وەرچەرخان و جیاکاریی ژانری شیعرە بەشێوەیەکی تایبەتی، کە لەپێکهاتەی بونیادی دەستەواژەی دەربڕینی کاری ئەدەبیدا بەگشتی جیادەکاتەوە، لەبەرئەوەی ((لەناو هەر کارێکی ئەدەبیدا ئەو وشەیەی بەکاردێت، جودایە لەو وشەیەی کە لەناو زمان و پێکهاتەی قسەی ئاساییدا بەکاردەهێنرێت)) (کورک،1989 :159). کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی وشە لەگوتاری هەر دەقێکی ئەدەبی و بەتایبەتیش لەژانری شیعردا، خاوەن زمان و ئەرک و بەها و دارشتن و بنەمایەکی تایبەتییە، لەبەرئەوەی ((شیعر زمانە و دژەکەی بونی نییە، چونکە زمانی شیعری بەم خاسیەتە لەزمانەکانی دیکە جیادەبێتەوە، کە پێش دەسپێکردنی هەمو شتێک گەمەیەکە بەوشەکان دەکرێت، بەمەش وشەکانی هەنگاودەنێن بەرەو ئاستانەی جوانیناسی و دەبێتە بونێکی سەربەخۆ)) (عبدالبدیع،1969 :5). کەواتە وشە ڕۆڵێکی بەهێز دەبینێت لەڕونکردنەوەی پەیام و وەسفکردنی ڕوخسار و خاسیەتی شتەکاندا، کە شاعیرانیش لەشیعرەکانیاندا شێوازی دەربڕین و لایەنە دیار و پەنهان و نهێنییەکانی هەست و سۆز و باری دڵ و دەرون و ئاستی جۆری بیر و هزر و توانای زانیاری و ڕۆشنبیری و ئەزمونیان دەخەنەڕو، لەبەرئەوەی وشە ((کەرەستەی خاوی دەربڕینە و کاریگەرییەکی گەورە و مەزنی

هەیە لەسەر ئادەمیزاددا)) (محمود، 2007: 124). جگە لەوەش سەرەڕای ئەو گەشەسەندنەی کە لە شێوازی بەکارهێنانی زماندا بەپێی ڕۆژگار و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی ئادەمیزاد ڕوویداوە، بۆیە کاریگەرییەکەی زیاتر لەوشـــەدا بەدەردەکەوێت، هەربۆیە لای (ڕۆلان بارت): ((دەق بریتییە لەچنین و دانانی کۆمەڵە وشـــەیەکی ڕێکخراو لەپاڵیەکدا، کە گونجان و شێوەیەکی جێگیر پێکدێنێت، ئەمەش تاکە ڕێگەیەکە، کە نوسـەر بەپێویستی دەزانێت و پەی پێدەبات)) (ئەحمەد، 2009،96)، چونکە ((شـێوازگەرییەکان لەخاسـیەتی شـیکردنەوەی دەقدا بەوشـە دەسـپێدەکەن، کە چ پەیوەندییەکی بەوشـەیەکی دیکەوە هەیە، کە شـانبەشـانی بەکاردێت، ئینجا بەرەو ڕستە و پەیوەندی بەو کەسانەی کە دەینوسـن و دەریدەبڕن و ئەوانەشـی قسـەی پێدەکەن و گوێیان لێدەبێت، لەکۆتایشـــدا پەیوەندیی بەو گوزارشـــت وجۆری ئەو بیرکردنەوەیەوە هەیە کە دەینوێنێت)) (عبداللطیف،1996 :202). هەندێجار لەبەر سـروشـتی شـیعرەکە (دەقەکە) یان پێویسـتی شـیعریی، شـاعیر ناچاردەبێت وشـە و دەربڕین و گوزارشـــتێکی نامۆ و نائاســـایی بەکاربهێنێت، یاخود بەمەبەســـت ئامانجیەتی کارامەیی و توانای فیکری وئەدەبی خۆی بخاتەڕو، بۆیە وشـــەیەکی نوێباو، یا هەســـتێکی تازە، لەدەقێکی نوێیدا بونیاد دەنێت، کە خوێنەر توشی بیرکردنەوە و ڕامان و سەرنجدان بکات و بیچەڵەکێنێت. هەروەک چۆن ((نیگارکێشێک دەیەوێت کارامەیی خۆی لەبەکارهێنانی ڕەنگەکاندا پیادەبکات و گەمە بەبنەما چەســـپاوەکان بکات لەپێناو داهێنانێکی وەهادا کە توانای مانەوەی هەبێت و هونەرێکی باڵای ئەدەبیی لێ بکەوێتەوە)) (حسـێن،2008: 35). لەم خاڵەدا شاعیر یاخود نوسەر لەشێوازە تەقلیدییەکەی وشە و ڕۆنانە بنچینەییەکەی لادەدات، بەشێوە و شێوازێکی دیکە یاسـایەکی نوێباو بۆ بەکارهێنانی وشـەکان دروسـتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی ((زمان ڕێگەی ئەوە دەدات، کە تاک لەواقیع هەڵبێت و هەســـت و ئارەزو و هەڵچونی خۆی لەقاڵبێکدا دابڕێژێت، زمانێکی تایبەت بەخۆی دروســـت بکات، لەیاسا و ڕێساکانی زمان لابدات، کە باشتر وایە، بەداهێنان ناوی ببەین، چونکە یاساکانی زمانی ئاسایی دەبنە کۆت لەڕێی داهێنانی شـــاعیر)) (دزەیی، 2008: 42)، چونکە شـــاعیر لەجیهان و ئایدیا و خەونەکانیدا جیهانبینییەکی فراوانتری هەیە، کە گوزارشـــتەکانی بەشـــێوازێکی داهێنەرانە دەرببڕێت. بەبێ وشـــە و بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی جیاواز هیوا و خولیاکانی ناهێنێتەدی، گەر ئەو کۆت و دەستور و یاسا و ڕێسایانە نەشکێنێت کە لەبەردەمیدا دانراون. ئەمەشیان بەهەڵبژاردن و گونجان و ڕێکخسـتنی وشـەکان و ئەو لادانانەی ئەنجامیان دەدات، بلیمەتی و پسپۆری و شارەزایی و تێڕوانینی هزری دەردەکەوێت. ئەو لادانانەی کە لەئاستی زمانیدا، بەهۆی وشـە و جۆر و شـێوازی بەکاربردنییەوە شـاعیر ئەنجامیان دەدات، تێکدانی زمان و دەرچون نییە لەپرۆســـەی خودی کارەکەیدا، بەڵکو داهێنەرەکان هەمو کات هەوڵدەدەن توانا و ئەزمون و شـــارەزاییان بخەنەڕو. شـــاعیریش وەک تاکێکی داهێنەر لەبواری ئەدەبیدا خاوەن ئایدیا و دیدگای نوێباوە و بەردەوام لەگۆشـەنیگای تایبەت بەخۆیەوە لەهەوڵداندایە بۆ داهێنانی زمان و شـێوازێکی ئەدەبی نوێ، بێگوێدانە دەسـتور و پێوەرە ڕێزمانییە دیاریکراوەکان، خۆی ناخاتە ژێر ئەو کۆتوبەند و بەربەست و یاسا و ڕێسایە زمانییانەی، کە ڕەهایی و ئازادییـەکانی بیرکردنـەوە و ئاواتـەکانی زەوت بکـەن، خـاڵی جـەوهـەری داهێنـەرانە لێرەوە دەسـپێدەکات و بەهرە و توانسـتە هونەری و جوانیناسـەکانی هەنگاودەنێن بەرەو تازەبونەوە و ڕۆنانی وشـەی نوێباو و داهێنراو لەزمانی شیعریی شاعیرەوە.

## بەشی دووەم:

لەم بەشـەدا بەشـێوەیەکی پراکتیکی ئاماژە بەو لادانە وشـەییانە دەکەین، کە بەچەند جۆرێک ئەنجامدراون، کە هەندێکیان بەپێکهاتەی ناوەوەی وشـە و یاسـاکانی وشـەدارِشـتن گرێدراون و هەندێکی دیکەشـیان بەلایەنی دەرەوەی وشەکانەوە پەیوەستن، کە دیارترینیان لەوانەش:

### أ- داهێنانی وشەی نوێ:

شـــاعیر بۆ داهێنانی وشـــەی نوێباو ئەم شـــێوازە لەزمانی شـــیعرییەکەیدا بەکاردێنێت و داهێنان لەڕۆنانی دروســتکردنی وشــە نوێیەکەیدا دەکات، بەڕێگەی دارِشــتن و داتاشــینی دور لەزمانی ئاســاییدا، (ئەرەســتۆ) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((وشـەی داهێنانی شیعری وشـەیەکە لەناو خەڵک بەکارنەهاتوە، شـاعیر خۆی دایدەهێنێت)) (ئەرستۆ،2011 :79). ئەو وشـانەی پێشتر بونی سـەربەخۆی نەبوە و هـەرگیزیش نەبیستراوە و بەکارنەهاتوە، دەبنە مایەی ســەرنجی خوێنەر(وەرگر) و بەهایەکی هونەری بەپلەی بەرزکردنەوەی دەقی شـیعرەکە دەدەن و ئەزمون و توانا و بەهرەی شاعیر نیشاندەدەن، کە لەزمانی نوسینی داهێنانی شیعرەکەیدا بەرجەستەی دەکات، چونکە شـیعر ئامادەگییە لەو وشـە و کەرەسـتانەی کە لەخۆدەگرێت، کە پێشـتر لەزمانی ڕۆژانەی ئاسـایی و فەرهەنگی زمانەکەدا ئامادەگیی نەبوە، هەروەها یەکێک لەخەسـڵەتەکانی زمانی نوســین ئەوەیە، کە ((بریتییە لەبەکارهێنان و بەرگرێژکردنی هەندێک دەســـتەواژەی نوێ، ئەوەش بۆ ئەوەی لادانێک، لەزمانی نێو کۆڵان بهێنێتەکایەوە)) (بابان،2007 :143). کەواتە ســەرەڕای ئەوانەش بەکارهێنانی وشــەی داهێنراو، کاریگەری و توانا ناوازەییەکەی بەکاردێت لەمیانی ئەو شـــوێنەی کە تیایدا بەدەردەکەوێت، لەمبارەیەوە وتراوە: ((تەنیا وشـــەی داهێنراو لەشـــیعردا جێگەی هیوایە، کەزمان لەمیانیدا دەگاتە ئاســـتی لوتکەی ســـەلیقەی تواناداری لەکاتوساتی دەربڕیندا)) (عبدالبدیع،1997 :111). شاعیر ئەو سیستەمە دەنگی و واتا داهێنراوە فەرهەنگییەکانی وشــەکان دەخاتە چوارچێوبەندییەکی دیاریکراو،لەگەڵ ئەوەشـدا هەوڵی بەدیهێنانی وشـەی جیاجیا دەدات، کە جۆرە وشــەیەک دادەهێنێت، خەســڵەت و ئەدگاریان لەوشــەی ئاســایی ڕۆژانەدا دوربن، ئەمەش بەدو ڕێگە ئەنجامدەدرێت:

((1– وشــەداتاشــین: شــاعیر وشــەیەکی نوێ دادەتاشــێت، هەرگیز پێشـــتر بونی نەبوە، بەدەر لەیاســـا وشەسازییەکانی زمانەکەی.

2– گشتاندنی یاسایەکی وشەڕۆنان: بەسەر کەرەستە و وشەی تری ئەو زمانە)) (فتاح،2010 :410). لەهەردو باردا ئەو وشە نوێباوانە، هۆیەکن بۆ سودبینین و ئەزموونداری و شارەزایی و پسپۆری شاعیر و بارگاوییبونی فەرهەنگی شـیعری شـاعیرەکە، بەو وشـە نوێیانەی کە دایهێناون، لەم بارەشـدا زمان بەهۆی بەکاربردنییەوە لەلایەن خودی شـــاعیرەکەوە، دەبێتە هۆکارێک بۆ تاقیکردنەوەیەکی خودی، کە شـــاعیر لەســـەر بنەمای کەرەســتەکانی زمان وشــەی نوێ دادەڕێژێت و زمانی شــیعری خۆی پێ قەشــەنگ و ناوازە دەکات، بەمەش دەبێتە خەسڵەت و بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی زمانی شیعری خودیی خۆی لەشاعیرانی دیکە.

**پیری**

**خۆرخواز**

**سەر، قیبلەنومای یاران و**

**دڵ**

**پڕ**

**نیاز** (ڕەفعەت، 2011: 83)

شاعیر وشەیەكی دارێژراوی داهێناوە، كە لەسەر بنەمای ئەو یاسایە، كە وشەی (دڵخواز، بانگخواز)ی پێدارێژاوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەزمانی ئاساییدا بەكارنایەت و لەفەرهەنگدا بونی نییە، بۆیە وشەی (خۆرخواز) وشەیەكی داهێنراوە.

**چەشنی ساوا...**

**بەڵام ساوای دایكخۆرنا** (ڕەفعەت، 2011: 91)

(دایكخۆر) وشەیەكی داهێنراوی لێكدراوی شاعیرە، كە لەسەر بنەمای هەمان ئەو یاسایەیە كە وشەی(گۆشتخۆر)ی پێلێكدراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەزمانی ئاساییدا بەكارناهێنرێت و لەفەرهەنگدا ئامادەیی نییە، بۆیە دەچێتە ئاستی داهێنانی وشەی نوێ.

**ئەی تۆ مرۆڤی بەفرستان نشین**

**تۆ فێربوویت پێش وەی زریان ڕات پێچێت**

**كەڕك لەبەر كەیت؟** (ڕەفعەت، 2004: 20)

شاعیر وشەی (بەفرستان)ی لەسەر بنەمای گشتاندنی یاسایەكی وشەڕۆنان ئەم وشە دارێژراوەی داهێناوە، لەسەر شێوەی (كوردستان، گۆڕستان...هتد)، كە پێكهاتوە لە: (ناو+ پاشگر).

**هەر بە پایزنامەكانی با زانیمان**

**گوڵەكان و كۆترە نامەبەرەكان و پەرییەكان**

**لەگیانەڵادان**

**هەر بەچەمەرینامەكان تێگەیشتین**

**چاوی چاوەڕوان كوێراییی داهاتووە و** (ڕەفعەت، 2014: 103)

نەوزادی شاعیر لەسەر ئاستی وشەسازیدا، بەپێی یاسا و ڕێسای گشتی دروستبونی وشە ڕۆنانی لێكدراو، وشەكانی (پایز+نامە) و(چەمەری (خاڵ،2005 :145)+ نامە)ی داهێناون، كە (چەمەری: دەهۆڵێكە كە بۆ شیوەن لێ دەدرێ)، لەسەر شێوەی (ساڵنامە، گەشتنامە)، كە لەشێوە و شێوازی زمانی ئاساییدا بەكارنایەت و لەفەرهەنگیشدا بونیان نییە، بۆیە داهێنانێكی تازەی كردوە و بەهایەكی جوانبونی پێبەخشیوە.

**لەزەنوێرێك**

**پونگجاڕ و باقژۆكجاڕێك**

**ڕەنگ و بۆیان كردمە دیاری**

**منیش لەپاداشت**

**بەئووچی وشەتاشی**

**یاخود بەخوێن**

**پێیان دەبەخشم نەمری** (رەفعەت،2004 :219-220)

شاعیر لەم كۆپلەیەدا سێ داهێنانی نوێباوی لەسەر ئاستی وشەسازیدا ئەنجامداوە، ئەوانیش: (پونگ+جاڕ)، (باقژۆك+جاڕ) بەسودوەرگرتنی لەیاسای وشەكانی (نەرگزجاڕ، كەماجاڕ) دو وشەی نوێی داتاشراوی داهێناوە، كە هەردوانیان ئاماژە بەشوێنی گیای پونگ و دەسكێك یاخود چەپكە گوڵێك دەكەن، هەروەها وشەی (وشەتاشی) پێكهاتوە لە: (وشە+تاشی) (ناو+قەدی چاوگ) كە وشەكانی (دارتاشی،سەرتاشی...) بەهەمان شێوە دروستدەبن، ئەمانە داهێنراوی نوێباوی شاعیرن، كە لەسەر ئاستی خودیدا دایهێناون و شیعرەكەی جوانتر نیشانداوە.

**كۆرپەی بەر مەمكی مۆمیاژن كەی شیر بمژێت؟** (رەفعەت، 2004، 172)

(مۆمیاژن) داهێنانێكی زێدە نوێباوی شاعیرە، كە لەهیچ فەرهەنگێك و زمانی ڕۆژانەشدا قەت بەكارنەهاتوە، وشەكانی (مۆمیا+ژن)ی لێكداوە وەك دو ناو، بەڵام لەهزو خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیدا ئەو ئاماژە شیعرەی پێ بونیادناوە و دەقەكەی ئیستاتیكیتر كردوە.

**دەستی لەرزۆكی جزمێكی ستەمنامەی قەد نەشكاوی** (رەفعەت،2004 :182)

سودی بینیوە لەیاسایەكی گشتی وشەڕۆناندا، بۆیە وشەی (ستەمنامە)ی داهێناوە، (ستەم) هاوەڵناو لەگەڵ (نامە)وەك ناوێك، وەسفی جۆری ئەو دەستە لەرزۆكەی پێدەكات، بەمەش بونیادی هونەرییەكەی بەهێزتر و سەرنجڕاكێشتر كردوە، لەسەر ناخی خوێنەری دەقەكەی.

**بەدەم هەنسك و نركژنی ڕێی هەڵەموت برینەوە** (رەفعەت،2004 :208)

وشـەکانی (نرکە+ ژیان(ژینی)ی لێکداوە، وشـەیەکی تازە بابەتییانەی داهێناوە، واتە ئەو دەنگە نزمە هێواشـەی بەهۆی هەنسـکەوە کە نرکەنرکەی زۆر و یەک بەدوای یەک و دوای ماندوبونێکی یەکجار زۆر دێتە دەرەوە و ناخۆشـییەکانی ژیان گوزارشـتدەکات، ئەم وێناکردنەش کاریگەرانەتر کار لەهەسـت و سـۆز و بیرکردنەوەکانی خوێنەر دەکات.

## ب- تێکدانی ڕۆنانی باو:

جۆرە لادانێکی دیکەی زمانییە لەسەر ئاستی وشەسازیدا، کە شاعیر بەشێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات و ئەو وشـانەی لەئاخاوتنی ئاسـاییدا پێکەوەدێن و بەشـێوەیەک لێکدراون، کە لەلای هەمو کەسـێکدا بەربڵاو و باون، وەک: (نێر و مێ ، سور وسپی، ڕاست و چەپ، خوارو خێچ و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ...هتد). کەواتە بەمانایەکی دیکە ((بە وتنی وشـەی یەکەم، خوێنەر یەکسـەر وشـەی دووەمی بەبیردا دێت. ئەمەش زیاتر لەو وشە لێکدراوانەدا دەردەکەوێت کە تاڕادەیەک خاوەن ڕۆنانێکی چەسپاوی جێگیرن)) (سعید،2013 :207). بەڵام شـاعیر بەتێکدانی ڕۆنانی باویان لەیاسـا گشـتییەکاندا دەردەچێت و تێکدانێک لەشـێوەی بەکارهێنانیاندا ئەنجامدەدات. بۆئەوەی ((شـتێکی نوێ دروسـت بکات، شـتێک بەلای خوێنەرەوە چاوەڕواننەکراو و سـەرنج ڕاکێش بێت، ئەم لادانە دروسـت دەکات)) (سـعید،2013 :207). بەمەش ئەوجۆرە شـێوازە لادانە چێژێکی هونەریی ئیسـتاتیکی بونیاد دەنێت و تێڕوانین و سـەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشـێت و ئەمجۆرە بەکارهێنانە لەبەهای هونەری دەربڕینی کەم ناکاتەوە، ((بەڵکو لەڕێڕەوەکەی دەخزێ بۆئەوەی واتای تازە بسازێنێ و دواجار دەق سیمایەکی بەرزی شیعری وەردەگرێ)) (خۆشناو،2010 :238).

**دەمگوت: پردێ ڕێی تۆش برمێنێت**

**زۆر ڕێگا هەن بەرەو ئێرەم**

**چووزانم ڕێگاکانی دی**

**بۆ دۆزەخی جەنگم دەبەن**

**یەک ڕێیان هەیە زین و مەم** (ڕەفعەت،2020 :34)

شـاعیر لەڕسـتەی کۆتایی ئەم کۆپلە شـیعرەدا، ڕۆنانی باوی دەبڕینی (مەم وزین)ی گۆڕیوە و وشـەکەی بەجۆرێکی دیکە ڕۆنیوە، کردویەتی بە(زین و مەم)، بەهۆی ئەو تێکدانەوە ویستویەتی، لەگەڵ وشـەی (ئێرەم)ی ڕسـتەی دوەمدا بگونجێت و هاوسـەرواییەک بێنێتەکایەوە، بەمەش جوانییەکی زیاتری بەشـیعرەکە بەخشـیوە، هەروەها خوێنەریش هەست بەنوێخوازی و گۆڕانکاری دەکات و توشی سەرسامی دەبێت.

**وا هاتم**

**کلیلی ئاگری خۆزیام**

**دەكاتەوە دەرگای قەڵات**

**دەرگای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات** (رەفعەت، 2011 :6)

بەكارهێنانی دەربڕینی ڕۆنانی بەربڵاوی تێكداوە و (ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا)ی كردوە بە (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات)، تاكو هاوسەروایيەك لەنێوان (قەڵات و ڕۆژهەڵات)دا بێتەدی، بۆيە بنەمايەكی ئيستاتيكی چێژبەخشی پێداوە و بەهايەكی هونەريشی بەئەدگاری دەقەكە بەخشيوە.

**مەستيی زيكری تاقەجوانە**

**چەشتنی نووری دێرينە**

**چەژنوارەی فەنابوونە**

**فەنابوونی گرياوانە**

**فەنابوونی گوڵاوانە**

**فەنابوونی (فەرهاد)ی تاقی(شيرين)ە...** (رەفعەت، 2004 :256)

شاعير لەنيوە دێڕی كۆتاييدا، ڕۆنانی باوی بەكارهێنانی بەربڵاوی دەستەواژەی (شيرين وفەرهاد)ی تێكداوە بۆ (فەرهاد)ی (شيرين)ە، كارێكی هونەرمەندانەی لەشيعرەكەيدا بەرپاكردوە و جوانيبونەكەی لەوەدا خۆی دەبينێتەوە، كە سەروای شيعرەكەی ڕاگرتوە و جوانبينييەك و بنەمايەكی ئيستاتيكييانەی بەرهەمهێناوە.

**ئێستاش لەبيرمە شەوێك درەنگان**

**پاش ماڵنووستنان**

**لەتاو دڵتەنگی و ئەستەمترين ژان** (رەفعەت، 2004 :49)

نەوزاد ڕفعەت ڕۆنانی بەكارهێنانی دەستەواژەی (درەنگانی شەوێ)ی تێكداوە بۆ(شەوێك درەنگان)، بەم گۆڕانكارييە ڕۆنانی ياسای ڕێكخستنی وشەكەی تێكداوە و بەم لادانە زمانييەی، كە لەسەر ئاستی وشەسازيدا كردويەتی، چێژێكی هونەريی دروستكردوە و ڕامان و ڕوانينی خوێنەری بۆ دێڕە شيعرەكانی ڕاكێشاوە و بەمەش سيمايەكی هونەرييانەی بەرزی پێبەخشيوە، جگە لەمەش وشەكانی (درەنگان و نوستنان و ژان) كۆتاييەكانيان بە(ان)ە و سەروايەكی هاوسەنگ و هاوئاواز و موزيكييانەی بەديهێناوە و ئەم كارە داهێنانەی لەبەرپێويستی بەكارهێنانی سەرواكەی بونيادناوە.

## پ- بەکارهێنانی وشەی شێوەزار(لادانی شێوەزار):

لەسەر ئاستی وشەدا جۆرە لادانێکی دیکەی زمانییە لەشیعردا پەیڕەودەکرێت، هەرچەندە شاعیر هەوڵ و کۆشش بکات و بیەوێت لەو زمانییە ئەدەبییە یەکگرتوەی قۆناغی سەردەمەکەیدا بنوسێت و وشەکان بکاتە بنچینە و بنەمای کەرەستەی دەربڕینی شیعرەکانی، بەڵام بەتەواوی بۆی ناگونجێت واز لەشێوەزارە تایبەتییەکەی خۆی بهێنێت، کە پێی دەئاخڤێت و کارتێکردن و کاریگەریی شێوەزارەکانی دیکەی زمانەکەی هەر لەسەر دەبێت. بۆیە بەمەبەست یاخود بێ مەبەست بێت، بیەوێت یا نەیەوێت، گەلێکجاران زۆر وشەی ناوچەیی و شێوەزارەکانی زمانەکەی لەدەقەکانیدا دەمەزرێنێت. دەگونجێت شاعیر لەبەر گەلێک هۆکار و مەبەستەوە پەنا بباتە بەر وشەی شێوەزارەکانی دیکە، لەوانەش: تواناداریی و پیشاندانی بەهرەی شیعریی، یان پڕ بەرهەمداری و کەرەستە زۆری زمانی شیعری، یاخود گەڕەکیەتی ڕێباز و ڕێچکە و ڕێڕەو شێوازی خۆی لەشاعیرانی هاوسەردەمی جیابکاتەوە، بەمەش خاسیەت و سیفەتی جیاخوازی خۆی بەدەردەخات لەمیانی زمانی شیعرییەکەیەوە، یا هەندێکجاران لەبەر هۆکاری پێویستی سەروا و کێش و ڕیتم و ئیقاع…هتد، ئەو جۆرە لادانە بەکاردێنێت. کەواتە بەکەڵک وەرگرتن و بەکاربردنی وشەی شێوەزار لەنێوخودی دەقی شیعردا کارێکی شیاو وگونجاوە. سەرەڕای ئەوەی دەبێتە بنەمایەک کە بەهایەکی ئیستاتیکی و چێژێکی هونەری بەزمانی شیعرەکە دەدات، چونکە ((بەپێویستییەک لەپێویستییەکانی پتەوکردنی زمانە نەتەوایەتییکە دانراوە)) (سابیر،2006: 326). جگە لەمەش ئەمجۆرە بەکاربردنەی وشەی ناوچەییە (شێوەزارە) لەشیعری شاعیرانی کورد پەیڕەو کراوە، بەشێوەیەک کە شاعیران شانبەشانی بەکاربردنی زمانە ئەدەبییە یەکگرتوەکەیان لەنوسیندا ئەم هەنگاوەیان ناوە، زۆرجارانیش وا ڕویداوە وشەی ناوچەیی و پەیڤی سەر بەشێوەزاری خۆشیان لەبەکارهێناندا بەکاربردوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ((سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و زمانی دەقەکە جۆرێک لەناباوی لەخۆدەگرێت و لادانێکی ئیجابی و داهێنەرانەیە)) (ئەحمەد، 2013، 108). کەواتە شاعیر لەڕێگەی بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە هونەرییەی وشە ونبوەکانی ناوچەیەک لەشێوەزارە جیاوازەکاندا بۆ ناو زمانی هاوبەشی بەکارهێناندا دەبات و بەمەش فەرهەنگی زمانە شیعرییەکەی دەوڵەمەنددەبێت و گوزارشت و دەربڕینی نوێباو لەدەربڕیندا بەکاردێنێت و کارێکی داهێنەرانەی ئیستاتیکیانەی ئەنجامدەدات.

**چۆن ببێژم: ئەوەتانێ! (ڕەفعەت،2014: 33)**

(ببێژم: بڵێم) وشەیەکی سەربەشێوەزاری کرمانجی سەرو (بادینی)یە، هەروەها لەناوچەی گەرمیانیش بەکاردێت. شاعیر بەکاریهێناوە، بەمەش لادانێکی شێوەزاری بەکاربردوە (بەبەکارهێنانی وشەو وشەکانی دیکەی شێوە زارێکی تری زمانەکەی) (عبداللطیف،1996: 313).

**پێش بانگی دیقلی دەهۆڵکوت**

**ماڵ بەماڵ... مزگێنی دەڕوێنێت (ڕەفعەت،2004: 62)**

وشەی (دیقل: کەڵەشێر، کەڵەباب) وشەیەکە سەربەشێوەزاری کرمانجی سەروە، شاعیر بەکاریهێناوە.

**سووتان و فەنا بئاڵێت**

**یا تیترواسکەی کۆلان ڕاست نەبێژێت** (ڕەفعەت،2013 :25)

(نەبێژێت: نەڵێت) وشە و دەربڕینێکە سەر بەشێوەزاری کرمانجی سەروە بەکارهاتوە، تاکو جوانییەک بەزمانی گۆکردنی شیعرەکە بدات و هەروا (بئاڵێت و نەبێژێت) لەڕوی کێش و سەرواوەش یەکن و سێ بڕگەن، بەمەش سەروای شیعرەکەی پاراستوە.

**نها گریان ئاوردووە**

**پێچەوانەی کۆنە سالان**

**مەیل دەکاتە مەشخەلان** (ڕەفعەت،2020 :24)

(نها: ئێستا) و (ئاوردو: سوتەمەنی)، نها سەر بەشێوەزاری بادینی کرمانجی سەروە، ئاوردو لەناوچەی موکریان بەکاردێت، لەبنچینەدا سەر بەشێوەزاری هەورامییە.

**شەماڵی فێنکی چەمی ڕامووسان**

**ئاوری عیشق و بێ پەروایيمان**

**خۆش دەکات** (ڕەفعەت،2004 :50)

(ئاور: ئاگر) شاعیر وشەی (ئاور)ی بەکارهێناوە، بەمەش لادانێکی زمانی لەسەر بنەمای وشەسازی ئەنجامداوە، بەسودبینینی لەم شێوەزارە کوردییەکە (هەورامی)یە و هەندێک لەکوردەکانی ناوچەی ئێرانیش بەکاریدێنن.

**حیکایەتخوان**

**گێڕەرەوەی بلوێرزوان** (ڕەفعەت،2014 :69)

وشەی (زوان: زمان)وشەیەکی شێوەزاری کولهوڕییە، شاعیر لادانی زمانی لەسەر ئاستی وشەیی پێکردوە، تا تواناو چالاکی مەعریفی و زانیاری و ئەزمونی ئەدەبی خۆی پیشانبدات، هەوەها وشەکانی (حیکایەتخوان و بلوێرزوان) هاوسەروان و چێژێکی لەوەتبەخشیی پێداوە، بەمەش بونیادێکی باشتر و جوانتری تێدا بەرجەستەکردوە.

**گۆزەی باران... نەرم... نەرم...**

**بەسەر پەلکی خەزاناویی شاردا ڕژا**

(ڕەفعەت، 2011 :38)

(پەلک: گەڵا) شاعیر خۆی خەڵکی ناوچەی هەولێر و سەر بەو شێوەزارشە، بۆیە ئەم وشەیەی لەناو دەقەکەیدا مەزراندوە، چونکە خەڵکی هەولێر و دەوروبەری بەکاریدێنن.

**سیروان کپە و ئارام دەکشێت**

**سیروان دەچرێت**

**ئۆخژن بەگوندەکانی سەرقەراخی و**

**باڵندەی ئەوک پڕ گریەو**

**ئەو کناچانە دەبەخشێت** (ڕەفعەت،2004 :77)

(ئەوک: قورگ، گەرو) سەر بە شێوەزاری کرمانجی سەروە، بادینی و هەروەها لەشێوەزاری هەولێر ناوچەی (خۆشناوەتی) بەکاردێت و (کناچانە: کناچانی :کچانە) وشەیەکی سەر بە شێوەزاری هەوراميیە، شاعیر هەردو شێوەزاری کۆنی کوردی لێکداوە، بەمەش لادانێکی زمانی لەڕوی وشەسازییەوە پێکردون، لەبەرئەوەی باسی ناوچەی سیروان دەکات، هەوڵیداوە بەبەکارهێنانی ئەو وشەیە لەسەربنەمای ناوەخن و ڕوخساردا هاوسەنگییەکی هونەری بەدیبێنێت، بەخوێنەریش بڵێت: شارەزای دەستەواژە و وشە و دەربڕینەکانی شێوە زارە کۆنەکانی کوردیشە.

**هاپۆ ئەم گەشتە و سەفەرە دوورەش**

**بلوێر ئەنگێوی ئەم کۆنەشارەش** (ڕەفعەت،2004 :145)

ئەم دێڕە شیعرە لادانی زمانی لەڕوی ئاستی وشەوە بەهۆی شێوەزارێکی دیکەی زمانی کوردییەوە پێکراوە، بەبەکارهێنانی (هاپۆ: مام) (خاڵ،2005 :499)، کە لە شێوەزاری هەورامی دیالێکتی (گۆران= ماچۆ) بەکاردێت، لایەنە ئیستاتیکی و بەهاکەی لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە بزوێنی (ۆ) و (وو)ی درێژو دەنگدار، لەگەڵ بزوێنی (و)ی کورت و بێدەنگ لەڕوی دەنگسازییەوە بەکارهاتون، کە بەمەش بونیادێکی ناوەکی ڕیتمداری موزیکی ئاوازبەخشی پێبەخشیوە و بەهایەکی ئیستاتیکی لەزەتبەخش بەخوێنەر دەبەخشێت.

**شیرینامن فرە دویرە**

**تەنراوە بەهەزار شوورە** (ڕەفعەت،2011 :73)

بەکارهێنانی دەستەواژەی (شیرینا من فرە دویرە: شیرینی من زۆر دورە) دەربڕینەکەی سەر بەشێوەزاری کرمانجی سەروە، بەمەش جۆرە قەشەنگی و ڕازاوەیەکی نمونەیی بەدەقەکە داوە، لەبەر هۆکاری پێویستی کێش و سەروا و ئیقاعدارییەوە بەکارهاتوە، بۆیە جۆرە موزیکێکی هەست بزوێن و لەزەتداری بۆ

دروستکردوه، خوێنەریش کە بەر گوێچکەی دەکەوێت هەست بەو لایەنە هونەرییە دەکات، چونکە دەربڕینی گۆکردنەکەشی خێراتر و خۆشتر بوە، بەم خاسیەتەش سیفەتێکی ئیستاتیکیانەی پێدراوە.

**ناهێڵم بچێتە هیچ کوێ**

**کێ لەمنی شکاو خاستری دەناسێت؟!** (ڕەفعەت،2020 :49)

وشەی (خاستر: چاکتر) سەربەشێوەزاری هەورامییە و لەچەندین ناوچەی جیاجیاش بەکاردێت، تاکو هیچ لەمپەرێک و ڕاوەستانێک لە ئیقاع وئاوازی دەربڕینیدا بەدی نەیەت، بۆیە شاعیر ئەم وشەیەی بەکارهێناوە.

**کریف ئەمشەو**

**تۆ ئەو هەڵۆ بەرزە فرە سەوداسەرە**

**ئەو باوکە شوورە پیرۆزە بریندارە** (ڕەفعەت،2004 :95)

وشەی (کریف: کریڤ: خزم: دۆست: هاوڕێ: برادەر) لەکرمانجی ژورو بەکاردێت، لەگەڵ (ئێزیدیەکان)یش بەکاریدێنن. شاعیر ئەم وشەیەی لەم شێوەزارە وەرگرتوە و لادانێکی زمانی لەسەر بنچینەی وشەسازیدا پێکردوە، بەبەکارهێنانی ئەو شێوەزارە لەم دێڕەدا، بەمەش کارێکی شیاو و گونجاوی هونەرییانەی بەدیهێناوە و بەهاکەی ڕازاوەتر کردوە.

کەواتە شاعیر بەبەکارهێنانی شێوەزار و وشەی زارەکانی دیکەی زمانی کوردی لەدەقە شیعرییەکانیدا، مەبەست و ئامانجی ئەوە بوە ئەو پەیامە بخاتەڕو، کە ئەویش وەک تاکێکی کورد بەشدارێکی کارا و چالاک بێت، بۆ خزمەتکردنی زمانە نەتەوەییەکەی، لەپاڵ جێبەجێکردنی ئەرکە چێژبەخشە هونەرییەکەی بۆئەوەی بەهایەکی ئیستاتیکی پێبدات، هەوڵیداوە سودێکیش لەئاستی بونیادی بابەتیدا بەنەوەکانی داهاتو بگەیەنێت.

## ت- بەکارهێنانی وشەی کۆنینە(پەراوێزخراو یا خود فەرامۆشکراو):

جۆرە لادانێکی دیکەی زمانییە لەئاستی وشەسازیدا، کە شاعیر بەشێوە و شێوازێکی هونەرییانە مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات لەناو تێکستی شیعریدا، بەمەش جوانی و کاریگەریی و بەهێزی و ئیستاتیکی شیعرەکە دیاریدەکات. کەواتە ئەوەی فرەواتای و مانایی بەدەق دەدات گەوهەری بەکارهێنانی وشەیە، چونکە جۆر و شێوازی بەکارهێنانی وشەکە ((زمانی دەق چڕدەکاتەوە و جوانی بەپێکهاتە و دارشتنی دەق دەبەخشێ هەر وشەیە، ئەو گەمە زمانیانەی کە لەهەناوی شیعردا دەکرێن و زۆرجاریش فرەمانایی دەدا بەدەق، هەر بەو گەوهەری وشە دێنەکایەوە)) (خانزاد، 2008 :153). کەواتە شاعیر لێرەدا بەدوای ئەو وشانەدا دەگەڕێت، کە ئێستاکە لەناو فەرهەنگ و قسەی ڕۆژانەدا بەکارناهێنرێت و ئەو وشە کۆنانە سەرلەنوێ لەپەراوێزخراوی یاخود فەرامۆشکراویدا زیندویاندەکاتەوە، بەشێوەیەکی هونەرییانە گیانیان بەبەردا دەکاتەوە، ئەو وشانە لەنێو دەقە شیعرییەکاندا جارێکی دیکە بەکاردێنێتەوە، بەمەش سەرنجی خوێنەر بۆ لای دەقەکەی دەهێنێت، بۆ

ئەوەی زیاتر چێژ لەدەقەکەی ببینێت. کەواتە پردی پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر بونیاد دەنێت، چونکە ئەو وشانە لەنێو ئەو دەقانەدا ((دەبنە هۆی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر و گەیشتن بەبەرجەستەکردن)) (عەبدوڵڵا، 2007: 105)، چونکە خوێنەری ئێستاکە ئاشنایەتی و شارەزایی نییە، بەمانا و واتای ئەو وشەیە و هەبونی هەندێجار لەناو زماندا، بەڵام شاعیریش هاوشانی هونەرمەندی داهێنەر ئەو وشەیە لەدارشتندا بەهاو سەردەمەکانی خۆیان ئاشنادەکات و پێیان دەناسێنێت (عزیز،2005: 145)، بۆیە خوێنەری دەق ئەوکاتەی وشەکەی بەرچاودەکەوێت و دەیبیستێت توشی سەرسوڕمانی و کتوپڕی و هەڵچونی سۆزی دەرونی دەبێت، ئەمەش یەکێکە لەسیما و ئەدگارە هونەریی و جوانییەکانی لادانی شیعری. کەواتە بەکارهێنانی وشەی کۆنینە بریتییە لەوەی کە ((شاعیر یان نوسەر لەبەرهەمی خۆیدا سود لەوشە کۆچکردو و ستراکچەرە ڕێزمانییە کۆنەکان وەربگرێت، کەوا ئێستا لەزماندا بەکارنایەت)) (کانەبی،2008 : 34)..بۆیە دەبینین (لیچ) ئەمجۆرە لادانە بە(لادانی کاتی، سەردەمی، مێژویی) ناودەبات و لەمبارەیەوە دەڵێت: ((بریتییە لەبەردەوامیی ژیانی ڕابردو لەدوتوێی زمانی ئەمڕۆدا)) (کانەبی،2008 : 34)، کە بەکاردەهێنرێت. هەروەها دەبینین لەزمانی عەرەبیدا بەشێک لەو وشانە بە(پەراوێزخراو یان فەرامۆشکراو یاخود کۆچکردو) ناوزەد دەکرێن، لەبەرئەوەی ئەو وشانە ئێستاکە جگە لەمەبەستی شیعری نەبێت لەشێوەی زمانی نوێی ئێستادا بەکارنایەن (وهبة، المهندس،1984 :309). کەواتە بەکاربردنی خودی ئەو وشە کۆنانە لەمجۆرە لادانەدا، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەئاستی ڕێزمانی و یاسا و پێکهاتە ڕێزمانییەکانەوە نییە، تەنها شاعیر جارێکی دیکە بەکاریان دەهێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە هونەریی و شیعرییانە، بەمەش بەهایەکی هونەربەخشانە و چێژێکی ئیستاتیک بەخشانە بەدەقە شیعرییەکەی دەبەخشێتەوە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا، بەئەنجامدانی ئەم کارە هونەرمەندییە داهێنەرانەی بیر و زەینی خوێنەر بۆ لای دەقەکەی دەگوازێتەوە و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر دەکات، کەواتە بایەخدان بەخوێنەریش لەمیانی دەقەکەیدا، یەکێکە لەو ئەرکە گرنگ و بەهادارانەی، کە شاعیر ئەنجامیدەدات، بەهۆی ئەو ئەزمونە ئەدەبیە و هونەرییەی کە لەژیانیدا بەدەستیهێناوە و پێشکەشی خوێنەری دەقەکەی دەکات.

**ئۆینبازیش جێ پای لەبان سپیاتیدا**

**پنت پنت دیارە بەدزە دزە بەڕێوەیە......**

**بۆ کوێ دەچێ؟ کەس نازانێ !** (ڕەفعەت،2020 :71)

(ئۆینباز) وشەیەکی پەراوێزخراوە و بەشێوەی نوێباویش بەکاردێت، بەمانای (تەڵەکەباز، تەفرەدەر، فێڵباز) دێت. شاعیر بەمە وشەیەکی کۆنینەی پەراوێزخراوی بەکارهێناوە، لادانێکی زمانی لەئاستی وشەسازیدا ئەنجامداوە.

**ئەدی ئەگەر**

**حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بکوتم**

**دۆڵی شەبەیخوون و جەنگان؟؟ (رەفعەت، 2014 :22)**

شەبەیخون، وشەیەکی کۆنینەی فەرامۆشکراوە، بەمانای: بەسەر دوژمن دادان لەشەودا، یاخود پەلاماری شەوانە بۆ سەر دوژمن. بەکارهێنانی لێرەدا بۆ مەبەستی ئیستاتیکییە لەنێوان(شەو) و (شەب)، بەمەش بونیادی بەهاکەی ڕەنگینتر و جوانتربوە.

**ئاوەز پشکووت**

**زیۆس بەزی (رەفعەت، 2011 :89)**

بەکارهێنانی وشەی کۆنینەی (ئاوەز: فام، هۆش، ئەقڵ) لەئێستادا، بۆ ئەوەیە لەم دێڕەدا بەمەبەستی جوانیناسی بەدوبارەبونەوەی دەنگی پیتی (ز)جۆرە ڕیتم و ئاوازێکی ناسک و چێژبەخشی پڕلەرینەوەی موزیکیشی تێدایە.

**لێرە کات: گالیسکەی بێ ئەسپ و چەرخەیە (رەفعەت، 2004 :198)**

وشەی (گالیسکە)لەم ڕستە شیعرییەدا بەکارهاتوە، وشەیەکە جاران بەکاردەهات، بەڵام بەکارهێنانی لەئێستادا زۆر کەمبۆتەوە، بەڵام شاعیر بەهای هونەری پێداوە و سەر لەنوێ مەزراندویەتییەوە و زیندوی کردۆتەوە.

**سەدان پاشا و قراڵی وەک تۆ بەسەرچوو (رەفعەت، 2004 :218)**

(قراڵ) وشەیەکی کۆنینەی فەرامۆشکراوە، ئەویش هەربەمانای (پاشا– پاتشا) دێت (شرفكندی، 1369 :550)، شاعیر جارێکی دیکە بەکاریهێناوەتەوە، تا لەجیاتی ئەوەی دوجار بڵێت: پاشا و پاشای، مەبەستی بوە بەخوێنەر بڵێت، کە ئاگاداری فەرهەنگی نوێ و کۆنی بەکارهێنانی وشەی کۆن و نوێباوی زمانی کوردییە.

**هەڵیش دێریم**

**بست بست لەدوو شوونت دێم (رەفعەت، 2004 :115)**

(شون) وشەیەکی کۆنینەیە و لەبەشێکی شێوەزارەکانیش بەکاردێت، بەمانای: شوێن، پاش، دوای دێت. نرخی ئیستاتیکیبونەکەی لەوەدایە بەبەکارهێنانی لەم شوێنەدا ڕیتم و ئیقاع و ئاوازێکی خێرا و خۆش و بەهێزی ناوەکی بەدوبارەبونەوەی پیتی دەنگی (ت)، لەگەڵ وشەکانی پێش خۆشی پێکهێناوە و چێژێکی وزەبەخشیشی بەخوێنەر داوە.

**ئەم چیایە چەند سەرکێشە!**

**چ بەوەجە! (رەفعەت، 2004 :222)**

(بەوەج) لەکۆندا بەکاربراوە، ئێستاکە پەراوێزخراوە، بەمانای پیاوی بەنرخ و قەدرو بەسەنگ و ئازاش دێ، شاعیر ویستویەتی بەو تەوژمە هەڵچونەی خۆی، سەرنجی خوێنەر بۆ وشەکە ڕابکێشێت و ئەم وشەیەی پێ ئاشنا بکات، تاکو بەبیستنی توشی سەراسیمایی و هەڵچون و هەژانی ناخی ببێت.

## د- بەکارهێنانی وشەی بێگانە:

جۆرێکی دیکەی لادانی زمانییە لەئاستی وشەسازیدا، لەم ئاستەدا شاعیر ئەو وشانە بەکاردێنێت، کە لەبنج و بنەواندا وشەی ڕەسەنی کوردی نینە، بەڵکو سەر بەزمانی نەتەوەیەکی دیکەن. ئەوەی ڕون و ئاشکراشە کە شیعری نوێی کوردی زیاتر هەنگاوی نا بەرەو زمانی کوردی پەتی و خۆماڵی و دورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی بێگانە، بەتایبەتیش لەکاتوساتی سەردەمی شاعیرانی نوێخوازو هاوچەرخدا ئەو دیاردەیە سەریهەڵدا، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەشاعیران وشە و زاراوەی پەتی و خۆماڵی بەکاردێنێن لەکاتی نوسینی شیعرەکانیاندا، ئەمەش خاڵێکە کە دەوڵەمەندی فەرهەنگی و توانای زمانی ئەو نەتەوەیە بەدەردەخات، کە چەندە وشە وزاراوەی جیاوازی لەشێوەزارە جیاوازەکاندا هەیە، بۆئەوەی بون و ناسنامەی خۆی بسەلمێنێ لەنێوان گەلانی دیکەی جیهاندا، بەڵام سەرەڕای ئەو حاڵەتەش بەتەواوی نەیانتوانی دەستبەرداری وشەی بێگانەبن، بەپێی پێویست و توانا و چالاکی فیکری و هزرییان سودی لێدەبینن، تاکو ئەڵقەی پەیوەندییان بەیەکجار لەگەڵ زمانی ئەو میللەتە جیاوازانە نەپچڕێت. ئەوەی ئاشکراشە نەوزاد ڕەفعەت، وەک شاعیرێکی هاوچەرخ، بەهۆی ئاشنابونی بەئاستی ڕۆشنبیری و تێکەڵاوبونی بەزمانی نەتەوەکانی جیهاندا، لەم جۆرە ئاستەدا لایداوە و هەوڵیداوە لەدەقە شیعرییەکانیدا، چەندین وشەی بێگانە وەربگرێت و لەمیانی شیعرەکانیدا بیانمەزرێنێت، ئەوەی دیار و بەرچاویشە ئەو جۆرە لادانانە لەچوارچێوەی سنوربەندییەکی دیاریکراو و بەپێی توانای پێویستی لەبەکارهێناندا بەکارهاتون. لەبەرئەوەی ناگونجێت هەر نەتەوەیەک پەیوەندی زمانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا نەمێنێ، بەڵکو دەبێت ((بەپێی پێویست بۆ پاراستنی مۆرکی ڕەسەنایەتی زمانە نەتەوایەتییەکەی سود لەزمانی نەتەوەکانی دیکە وەربگرێت بۆ پەرەپێدانی زمانەکەی)) (سابیر،2006: 335)، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کە چەندە لەبەکارهێنانی بەشێک لەو وشە بێگانانە خزمەتی بەچالاکی و توانا و ئەزمونی شیعری ئەو شاعیرەوە کردوە، چونکە گەلێجار وشەی زۆر لەبار و چاکتر وگونجاوتر بۆ ئەو مەبەستە لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا بون و ئامادەگیی هەیە. کەواتە مەرج نییە هەمو جارێک بەکارهێنانی وشەی بێگانە خزمەت بەئەزمون و کاری ئەدەبی و هونەریی شاعیر بکات، بەڵکو لەوانەشە ببێتە مایەی مەترسیی دروستکردن بۆ چالاکی و توانای زمانی شاعیر، بۆیە پێویست و مەرجە خۆیان لێ بەدوربگرێت (الطرابلسی،1981: 465). کەواتە ئەمجۆرە لادانە لەم ئاستەدا ڕەنگە لەهەندێک کات و باروزروفدا بەکارێکی ئەرێنیانە لەقەڵەمبدرێت، لەهەندێک بارودۆخی دیکەشدا لایەنێکی نەرێنیانە بۆ شاعیر بەرجەستە بکات.

**بەتالووکە بۆ کتێبخانەیەک دەچوو**

**هائەوەتا**

**زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا (ڕەفعەت،2020: 52)**

شاعیر وشەی (مۆبایل)ی ئینگلیزی وەک ئامێرێکی پەیوەندیکردن و پێداویستییەکی سەردەمی و بەشداریکردنی تەکنەلۆژیا لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا وەرگرتوە و لەم تێکستەیدا بەکاریهێناوە.

**چواری شەوە**

**ڕەنگە ئێستا**

**هەتا سوبحی ڕاستەقینە پێدەکەنێ**

**هێندەی ئەستێران بێ نەوا بەدڵ بگرین** (ڕەفعەت، 2020: 75)

(سوبح: بەیانی) وشەیەکی عەرەبییە و بەکاریهێناوە، بۆ مەبەستی لادانی زمانی و ئیستاتیکی، تاکو دوبارەکردنەوەیەکی دەنگیش بەپیتی (س) لەنێوان وشەکاندا پێکبێت، کەواتە ئەم وشەیە خزمەتێکی ئەرێنی و هونەری بەشیعرەکە بەخشیوە.

**وێرد خوێنە سیما نوورانی و**

**پەپوولە باڵ سووتاوەکان نایەنەوە** (ڕەفعەت، 2014: 104)

(نوراني: کەسێک ناوچەوانی پاک و گەش و ڕوناک و ڕۆشن بێ)، وشەیەکی عەرەبییە، شاعیر لادانی زمانی پێکردوە، بۆیە بەکاریهێناوە، بۆئەوەی لەگەڵ وەسفی وشەی پەپولەدا بگونجێت، بەو لێکچواندنەی لەنێوان پەپولە و سیمای مرۆڤە پاکەکان بکات، کە سپی و ڕوناکن.

**ببیتە ستران و سروود**

**ببیتە ئاوێنەی وجوود** (ڕەفعەت، 2011: 18)

(وجود: بون) وشەیەکی بێگانەی عەرەبییە، شاعیر بۆیە بەکاریهێناوە تا لەگەڵ کێش و سەروا و ڕیتم و ئاوازەوە هەمان لەرینەوە و کاریگەرییان لەسەر خوێنەر هەبێت، بەمەش خزمەتێکی ئەرێنی بەلایەنی موزیکی دەقەکەی بەخشیوە.

**وادەزانرێت**

**وازەن دەکرێت** (ڕەفعەت، 2014: 74)

(زەن: گومان) وشەکی عەرەبییە، بەکارهێنانی لێرەدا بەهای ئیستاتیکی دەقەکەی ڕەنگینتر کردوە، شاعیر هەستیارانە و وریایانە بەکاریهێناوە، تا خوێنەر سەرنجی بۆ وشەکە بچێت و چێژێکی موزیکبەخش بەچاو و گوێ و زەینی خوێنەر دەبەخشن، چونکە بونیادێکی پڕ لەسۆز و هەستداری تێدایە، بەهۆی ئەو لەرینەوە و ئاوازە ئیقاعداری تێیدا بەرجەستەیە.

کەواتە بەپێی ئەو چەند نمونە شیعرییەی خستمانەڕو، شاعیر بەشێوەیەکی هونەرمەندانە لەکارە هونەرییەکەیدا، بەپێی پێویست سودی لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە وەرگرتوە، هەروەها مۆرکی ڕەسەنایەتی زمانی نەتەوەکەشی پاراستوە و بونیادی دەقەکانیشی پێ تۆکمەکردوە، تاکو بەقازانجی نەتەوەکەی بشکێتەوە

و بەمەش پەیوەندی ئاستی هزری و ئەدەبی خۆشی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نەپچڕاندووەو ئەرکە ئەرێنییەکەی جێبەجێکردوە.

## ئەنجام

1- شاعیر بەهۆی ئەو لادانە زمانییەی لەئاستی وشەسازییدا ئەنجامیداوە، توانیویەتی شێوازێکی شیعریی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەمەشیان ڕێچکەیەکی جیاوازیی بەخودی خۆیەوە بەرجەستەکردوە.

2- نەوزاد ڕەفعەت لەڕێگەی زمانی شیعرییەوە، توانیویەتی گەمە بەکەرەستەکانی زمان بکات و لادانی زمانی لەئاستی وشەسازیدا بخولقێنێت، بەمەشیان جۆرە نامۆییەک و داهێنانێکی هونەرییانە لەبەکارهێنانی زمانەکەیدا دروستبکات، لەم ڕێگەیەشەوە توانیویەتی جوانکاریی و جوانییەکی بێ هاوتا و چێژ و خۆشییەک بەدەقەکانی ببەخشێت.

3- شاعیر بەلادانی زمانی لەئاستی وشەسازیدا گرنگی زۆری بەداهێنانی وشەی نوێ داوە، بەهۆی گشتاندنی یاسایەکی وشەڕۆنان و داتاشینی وشەتاشین کە وشەکانی پێپێکهێناوە، وەکو: (خۆرخواز و دایکخۆر و پونگجاڕ و پایزنامە و نرکژنی و بەفرستان...هتد).

4- شاعیر بەهۆی لادانی زمانییەوە لەم ئاستەدا، هەوڵیداوە ڕۆنانی تێکدانی باو (بەربڵاو)ی ئەو وشانە دەسکاری بکات، کە وەک دەستەواژەیەکی باو بەیەکەوە دێن، بۆ نمونە: ( مەم و زین، شەوێک درەنگان، فەرهاد و شیرین، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات).

5- شاعیر بایەخی زۆری بەبەکارهێنانی وشەی شێوەزاری دیکەی زمانی کوردی داوە بەهۆی (لادانی شێوەزار)ەوە، وەکو: ( ئاوردو، بلوێرزوان، هاپۆ، خاستر، پەلک، کەڤنار، دیقل..هتد). هەروەها نەوزاد ڕەفعەت بەهۆی لادانی زمانییەوە لەم ئاستەدا، سودی زۆری لەبەکارهێنانی وشەی بێگانە و کۆنینەی پەراوێزخراو بینیوە، وەکو: (ئۆینباز، شەبەیخون، ئاوەز، گالیسکە، قڕاڵ، بەوەج، مۆبایل، سوبح، نورانی، وجود، زەن...هتد).

# The Aesthetics of deviating of word structure of Nawzad Rafaat's poems

**Shakhawan Farhad Mohammed**[1] - **Ibrahim Ahmed Shwan**[2]

[1+2]Kurdish Language Department, College of Language, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This research entitled "The Aesthetics of deviating of word structure of Nawzad Rafaat's poems" is a phase to display and identify the literary devices that estimate aesthetics as a criteria genre of poetry in which it reveals the beauty of poems. It is also a definite attempt to highlight the deviations made on word structure used in the poems. In addition, that demonstrates the poets' active methods, ability, energy, conversational skills and expressions in using deviations to embody and express aesthetics in his poems .

**Keywords:** Language Deviation, Aesthetics, Word Deviation, Word Coinage.

## سەرچاوەکان

ئەحمەد،سـافیە محەمەد (د.)، (2013)، لادان لەشـیعری هاوچەرخی کوردیدا،بڵاوکراوەی ئەکایمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئەرەستۆ،(2011)، هونەری شیعر،(شیعرناسی)، وەرگێڕانی:ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی: عەزیز گەردی، چاپی دوەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد،(2001)، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .

خۆشناو، هێمن عومەر،(2010)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی((لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە))، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

سابیر، پەرێز ،(2006)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

سەعید، ناز ئەحمەد،(2013)، لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەت دا، چاپخانەی بینایی،سلێمانی.

عارف، حەمەکریم،(2007). دەربارەی شیعر و شاعیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد.

غەفور، ڕێزان محەمەد،(2005)، ڕێبازی ڕۆمانسیزم(1918- 1945)، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف (پ.د) (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر.

کانەبی، دلێر سادق،(2009)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد،چ1،چاپخانەی خانی،دهۆک.

مەحمود، فازیل مەجید (د.)، (2007)، سروشت لەشیعری گۆراندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی .

میراودەلی، کەمال (د.) (2021)، شیعرناسیی بەشیعر، لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەئیستاتیکای شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، ئەکادیمیای فانی.

ڕفعەت، نەوزاد، (2004)، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، دیوانی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

ڕەفعەت، نەوزاد،(2011)، ڕێی تاوسان، بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نوسەرانی کورد_ لقی هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ڕەفعەت، نەوزاد، (2014)، شینی شالور، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ڕەفعەت، نەوزاد،(2020)، باڵەکانم بدەرەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد.

ئەحمەد، سافیە محەمەد ،(2009)،شێوازە شییعرە کوردییەکانی پیربال مەحمود، زانکۆی سەلاحەدین.نامەی ماستەر.

حسێن، جمیلە ئەحمەد،(2008)، شێوازی وتار لەڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە.

عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین ،(2007)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕوی زمانەوانییەوە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، نامەی ماستەر، هەولێر.

کانەبی، دلێر سادق،(2008)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر.

بابان، شێرکۆ (د.)،(2007) کاری (بریتی بون لە...) لەزمانی نوسیندا، گۆڤاری ڕامان، ژ:125.

خانزاد، قادر عەلی ،(2008)، ڕۆڵ و کەسایەتی وشە لەکورتە شیعردا، گۆڤاری ڕامان، ژ 135.

دزەیی، عەبدولواحد موشیر (پ.ی.د)، (2007)، لادانی واتایی لەزمانی شیعردا، مجلة _ كلية اللغات، العدد- 13.

خاڵ، شـــێخ محەمەدی،(2005)، فەرهەنگی خاڵ،چاپی دوەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

شرفکندی، عبدالرحمن هەژار، (1369)، هەنابنە بۆرینە، فرهنگ کردی ــ فارسی، سروش، تهران.

السد، نورالدين،(2010)، ألاسلوب و تحليل الخطاب،ج1، دار هومە للطباعە و النشر والتوزيع، الجزائر.

الطرابلسي، محمد الهادي (د.) (1981)، خصلئص ألأسلوب في الشوقيات, جامعة التونس.

عبدالبديع، لطفي (د.) (1969)، الشعر واللغة، مكتبة النهضة المصرية، ط1.

عبدالبديع، لطفي (د.) (1997)، التركيب اللغوي للأدب,مكتبة لبنان,بيروت.

عبداللطيف، محمد حماسة (د.) (1996)، لغة الشعر، ط1،دار الشروق.

عزيز، صالح ملا (د.)،(2010)، جماليات ألاشارة النفسية في الخطاب القراني، دار الزمان،سوريا.

كورك، جاكوب،(1989)، اللغة في ألأدب الحديث، الحداثة و التجريب،ت: ليون يوسف و عزيز عمى نوئيل، دار المأمون للترجمة والنشر،بغداد.

وهبة، المهندس، مجدي و كامل (1984)، معجم مصطلحات العربية في اللغة وألأدب، مكتبة لبنان، ط2.